حەج وعومرەی هەرەم: لەمساڵەوە سعودیە تەمەن دەکاتە مەرج بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج



وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی حەجو عومرەی هەرەم مەرجێکی نوێی سعودیە بۆ وەرزی حەجی ئەمساڵ دیاریدەکاتو ئایدەگەیەنێت، "سعودیە مەرجی تەمەن بەسەر حاجیاندا دەسپێنێت".

کاروان ستونی وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی حەجو عومرەی هەرەم ئاشکرایکردوە، دەستەی باڵای حەجو عومرەی عێراق ڕۆژی 18ی ئەم مانگە نوسراوێکی فەرمی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی حەجو عومرەی هەرەم کردوە.

دەشڵێت:"نوسراوەکە بەپشتبەستن بەنمایەکانی وەزارەتی حەجو عومرەی سعودیە بوە کە لە12ی ئەم مانگەدا دەرچوەو داوادەکات، مەرجی تەمەن لەپرسەی حەجی ئەمساڵ، بەسەر حاجیاندا بسپێنێت، بەجۆرێك ئەو حاجیانەی کە تەمەنیان لەسەروی 70 ساڵییەوە لەکەی گشتیی حاجیانی عێراق، تەنها ڕێگە بە لە%7یان دەدرێت حەج بکەن".

هەر لەو نوسراوەدا دەستەی باڵای حەجو عومرەی عێراق داوا لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی

حەجو عومرەی هەرەم دەکات دەستبکەن بەجێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی حەجو عومرەی سعودییە لەماوەیەکی دیاریکراو، تاوەکو ڕێژی پێنجشەممەی داهاتوو.

دەستەی باڵای حەجو عومرەی عێراق لەبەشێکی دیکەی نوسراوەکەدا داوا لەبەوەبەرایەتیی گشتیی حەجو عومرەی هەرەم دەکات ئەوکەسانەی تەمەنیان لەسەروو 70 ساڵییەوەیو ئەمساڵ 2025 لەپشکی هەرەم ڕێگەیان پێدەدرێت حەج بکەن، تەنها (358) کەسنو ژمارەی زیاتر لەوە کە تەمەنیان سەروی 70 ساڵییەوەیە، دواخستنی ناچاریان بێ دەکرێت بێ حەجی 2026.